# دوور لە قەرەباڵغییەکی شێتانە




عەبدولخالق قەرەداغی

تۆماس هاردی (1840-1928) بەیەکێ لە نووسەرە ناودارەکانی بەریتانیا ناودەبرێ، خاوەنی گەلێ ڕۆمانو کورتە چیرۆکو شیعرە. یەکێ لەو ڕۆمانانەی کە تا ئێستا لە فەرهەنگو کتێبخانەی کوردیدا بوونی نییە ڕۆمانی (For from tge madding growd) – (دوور لە قەرەباڵغییەکی شێتانە)یە، ساڵی 1871-1875 یەکەم بەرهەمی نووسیوە، یەکەم چاپی ئەم ڕۆمانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1874.

هاردی لەم ڕۆمانەدا باس لە پیاوێك دەکات بەناوی (گابریل ئۆك) وەك شوانێکی شارەزاو لێهاتوو لە گوندی (نۆرکۆم هیلْ) ژیان بەسەردەبات، خاوەنی کۆمەڵێ مەڕو ماڵاتەو تەمەنی بیستویەك ساڵە، لەپڕ چاوی بەخانمێکی زۆر جوانو قەشەنگ دەکەوێ بەناوی (باسشێبا)، زۆر جار داوای لێ دەکات شوی پێ بکات، بەڵام پێی ڕازی نابێ، جارێکیان کارەساتێك تووشی دەبێو زۆربەی مەڕەکانی تیادەچن، بۆیە بڕیار دەدات ئەوێ جێبێڵێو ڕێی دەکەوێتە گوندێك بەناوی (وێزەر بێری). سەیر دەکات گڕی تێ بەربووە، بۆیە بەپەلە دەست دەکات بەکوژاندنەوەی ئاگرەکە لەگەڵ کۆمەڵێ پیاوی تردا، بەڵام ئازایەتیی ئەم دەبێتە جێی سەرسامیی هەموو خەڵکی ئاوایی، بۆیە لەلایەن لێپرسراوی گوندەکەوە (باسشێبا) داوای لێ دەکرێ کە بمێنێتەوە، هەر لە نزیك ئەم گوندە پیاوێکی دەوڵەمەندی تەمەن 40 ساڵ دەژی خاوەنی کێڵگەو مەڕو ماڵاتێکی زۆرە، بەناوی (بۆڵۆد) ئەمیش هەر

حەزی لەم خانمەیەو زۆر جار داوای لێدەکات کە شوی پێ بکات، بەڵام کچەکە پەیمانی تەواوی ناداتێ.

خۆشەویستیی ئەم پیاوە کاتێك چڕ دەکات کە کارتێکی ڤالانتاینی لەم کچەوە پێ دەگات، بێ ئەوەی ناوی خۆشی بنووسێ، بەڵام ئەم کارتە زۆر کاردەکاتە سەر ئەم پیاوەو دڵی دەجوڵێنێ. لە دیمەنێکی تردا لە یەکێ لە شەوەکاندا ئەم خانمە دەچێتە دەرەوە تا بەسەر مەڕوماڵاتەکەیدا بسوڕێتەوەو لە نزیکەوە ئاگای لێیان بێ، بەڵام لە پڕ تووشی پیاوێکی گەنجی قۆز دەبێ، گەنجێکی زمانلوس کە بەقسەکانی دڵی ئەم خانمە بۆ لای خۆی رادەکێشێ، ئەم پیاوە ئەفسەرەو ناوی (سترجەنت ترۆی). لە کاتێکدا ئەم (ترۆ)یە پەیوەندیی لەگەڵ کچێکی تریش هەیە کە خزمەتکاری خانم (باسشێبا)یە، هەرچۆنێ بێ دەتوانێ ئەم خانمە بخوازێ، بەڵام رۆژێکیان هەواڵی دیتنی کە ئەو کچە خزمەتکارەی کە (ترۆ)ی خۆشی دەوێ مردووە، بۆیە لە داخا سەری خۆی هەڵدەگرێو دەڕوات حەوت ساڵی پێ دەچێ ئینجا پەیدادەبێتەوە، هەر لەم کاتانەشدا پیاوە دەوڵەمەندەکە (بۆڵود) دەیەوێ بیخوازێ، بەڵام کە (ترۆم دەبینێ هاتۆتەوە دەبێ بەشەڕیان و(ترۆ)ی دەکوژێو هەڵدێو هەموو مەڕوماڵاتو کێڵگەکەی جێدێڵێو پاشان دەگیرێ. ئیتر هەموو سامانەکەی بۆ (گابریل ئۆك) جێدەمێنێ، (گابرێل)یش بڕیار دەدات ئەم گوندە جێبێڵێو بڕوات بۆ ئەمریکا، بەڵام لەلایەن خاتوو (باسشتێبا)وە داوای لێدەکرێ کە بمێنێتەوەو پاشان شوی پێدەکات.

رووداوەکانی ئەم چیرۆکە زیاتر باسی لە عەشقو ئەوین دەکات لە جیهانی سروشتو لادێدا، جگە لەوەی کۆمەڵێ وشەی ناسكو جوان بەکاردێنێ کە تایبەتن بەژیانی دڵداریو خۆشەویستی، ئارسەر میللەر ئەم چیرۆکەی لە تەمەنی سیوسێ ساڵیدا نووسیوە، بۆیە لەمبارەیەوە دەڵێ (گەر لە پێشتریدا ئەم رۆمانەم بنووسیایە لەوانە نەبوو ئەو وشە جوانانەم بەکاربهێنایە) هەر لەبەر ئەوەشە ئارسەر زۆر سەرسامە بەم رۆمانەی.

لەم رۆمانەدا میللەر هەموو دیمەنەکانی ژیانی لادێی نەخشاندووە هەر لە وەرزی دروێنەوە تا بڕینەوەی مەڕەکانو چارەسەرکردنی نەخۆشی مەڕەکان، جگە لە نیشاندانی ئەو دیمەنە سروشتییانەی کە (جان جاك رۆسۆ) هەمیشە داوای لێ دەکات (گەڕانەوە بۆ سروشت) لەم رۆمانەدا میللەر ئەوەمان فێردەکات کە هیچ شتێك ناتوانێ لەبەردەم خۆشەویستیدا خۆی رابگرێ گەر هەژاربێ یان دەوڵەمەند، لە کۆتایدا هەر دەبێ ئاڵای سپی هەڵبکات.

ئەم رۆمانە (دوور لە قەرەباڵغییەکی شێتانە) لە 104 لاپەڕە پێکهاتووەو لە (هۆنگ کۆنك) لەچاپ کراوەو یەکەم چاپی نوێشی ساڵی 1992 زانکۆی ئۆکسفۆرد پێی هەڵساوە، ئەم رۆمانە لە 19بەش پێکهاتووەو (پێشەکیو ژیاننامەی ئارسەر میللەر)ی تیایە.

ئارسەر میللەر بەشیعرو نووسین دەستیپێکردووە، دواتر رۆمانی نووسیوە لەوانە (Mayer casterbrid) سەرۆکی شارەوانی کاستەربراید The trampet major نۆکەی بەرزی تراچێت The woodlanders دارستانییەکان، ئەم رۆمانانەی لە سەرەتادا پێشوازییەکی باشی لێکرا. پاشان چەند رۆمانێکی تری نووسی گلەیی زۆری هاتە سەر ئیتر دوای ئەوە وازی لە رۆمان هێناو هاتەوە سەر شیعرو لە تەمەنی سی ساڵیدا دیوانە شیعری دەرکرد، بەڵام یەکێ لە درێژترین رۆمانەکانی (گەڕانەوەیە بۆ نیشتمان) کە لە 446 لاپەڕە پێکهاتووەو یەکەم چاپی 1878و دواهەمین چاپی ساڵی 1975.

هنری جەیمز کە یەکێکە لە رۆماننووسەکان لەمەڕ ئەم رۆمانە دەڵێ: (تاکە شتێك کە لەم رۆمانەدا باوەڕمان پێیەتی، مەڕو سەگە) کەچی بەلای ئارسەر میللەرەوە باشترینو ئازیزترین رۆمانێتی.